بە بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی سێ قۆڵی وەزیرانی ناوخۆی عێراق و ئێران و پاکستان..شەمەری گەیشتە تاران



ئەمڕۆ دووشەممە وەزیری ناوخۆ عەبدولئەمیر شەمەری، بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی سێ قۆڵی وەزیرانی ناوخۆی عێراق، ئێران و پاکستان گەیشتە تاران.

هەنووسینگەی هاگەیاندنی وەزیری ناوخۆ لە هاگەیەندراوەکدا باویکردەوە "وەزیری ناوخۆ عەبدولئەمیر شەمەری و شاندی یاوەری لەسەر بانگهێشتی فەرمیی وەزیری ناوخۆی ئێران ئیسکەندەر مەمەنی بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی سێ قۆڵی وەزیرانی ناوخۆی کۆماری عێراق، کۆماری ئیسلامی ئێران، و کۆماری ئیسلامی پاکستان، گەیشتنە تارانی پایتەختی ئێران، بۆ تاوتوێکردنی ئامادەکارییە بەردەوامەکان بۆ بەشداریکردنی سەرکۆتووانە لە یادی سەردانی چڵەی ماتەمینی ئیمام حوسێن (درودی خوای لەسەر بێت)".

هەئاماژەی بۆوشکرد، "لە میانی کۆبوونەوەکدا سەرجەم بابەتەکانی پەیوەست بە هاتن و هێشتنی سەردانکەران تاوتوێ کران، و بابەتەکانی پەیوەست بەم بابەتە گرنگە.

هەروەها لە کۆبوونەوەکدا باس لە بەرزکردنەوەی هاوکاری و هەماهەنگی لە بوارەکانی بەرێنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، نیشتەجێبوون، و پرسەکانی پەیوەست بە ئاسایش کرا".

هەئاماژەی بۆوشکرد، "لە کۆبوونەوە سێ قۆڵییەکەدا ژمارەیەک سەرکردە و ئەفسەری وەزارەتی ناوخۆی عێراق و پارێزگای کەربەلا و ئەندامانی لیژنەکانی ئاسایش و خزمەتگوزاری ئامادەبوون،هەروەها باڵیۆزی

وڵاتانی بەشداربوو ، و ژمارەیەک بەرپرسی حکومەتکانی ئێران و پاکستانیش ئامادەبوون".

هەوزیری ناوخۆی ئێران "سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ حکومەت و گەلی عێراق دەربڕی بۆ پێشوازیکردن لە سەردانکەرانی چڵەی ماتەمینی".

بەگوێرەی بەیاننامەکە، شەمەری جەختی لەوە کردووەتەوە کە "سەردانی چڵەی ماتەمینی پرسەکی گرنگ لێنەوان ئەو وڵاتانەدا".